شەهرام عەلیدی: پسپۆرێکی سینەما پێی وتین:

# تا پێتان دەکرێت تێکەڵی کاری بازرگانی مەبن



(سرتە لەگەڵ با) یەکێکە لەو فیلمە کوردیانەی کە پارساڵ توانی لە چەندین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی بەشدار بێت، چەندین خەڵاتی رەسمی و رێزلێنانی جیاجیای بەدەستهێنا و تا ئێستاش بەردەوامە، شەهرام عەلیدی دەرهێنەری فیلمەکە ئێستا بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بەرهەمێکی سینەمایی نوێ لە شاری هەولێرە، بەڵام تا ئێستا وردەکارییەکانی دیار نین، بۆیە بە پێویستمان زانی دیمانەیەکی لەگەڵدا ساز بکەین.

*** حەز دەکەین لە (سرتە لەگەڵ با)وە دەست پێبکەین، بەچی گەیشتووە؟**

- لەم ماوەیەدا بەشێوەیەکی بەردەوام پێشکەش دەکرێت و دواجاری لەتورکیا و فەرەنسا بوو.

***تا ئێستا چەند جار خەڵات کراوە؟**

- لەشوێنی جیا جیا و بە هەموو خەڵات و ڕێزلێنانەکان نزیکەی هەژدە جار خەڵات کراوە و ڕێزلێنانی پێ بەخشراوە.

***دوای ئەوەی فیلمەکە ئەو سەرکەوتنەی بەدەستهێنا هەستت چی بوو؟**

- بە راستی هەستێکی زۆر سەیر لەدڵمدا بوو، کاتێك ناوی فیلمەکەیان بە کوردی خوێندەوە، بۆ من شتێکی زۆر خۆش بوو، هەستم کرد و بۆم دەرکەوت ئەگەر هەوڵ بدرێت، ئەوا کورد وەك میللەتێك دەتوانێت بڵێت بەڵێ من هەم و هیچم لە میللەتانی جیهان کەمتر نییە.

*** تۆ بوویتە هۆی ئەوەی فیلمەکە بگاتە کان یان فیلمەکە تۆی گەیاندە ئەو شوێنە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ من نابێت، ئەرکی سەرشانی من ئیشکردن و دروستکردنی خەونە، ئەو خەونە نووسین و کردنی بە دیکۆر و دەربڕین و دەور و بەشەکانی دیکە دەگرێتەوە، دوای ئەوەش تەواوی هێزی خۆم بەکارهێنا و کەمتەرخەمیم نەکرد، هەندێ جار بیردەکەمەوە و دەڵێم خۆزگە بەربەست کەمتر بووایە، لە 60%ی توانام بۆ فیلمەکە بەکارهێنا و ئەوەی تر بۆ دەرەوەی کاری دەرهێنان بوو، بۆیە واهەست دەکەم حەقی تەواوم داوە بە فیلمەکە.

***(سرتە لەگەڵ با) بە هەموو پێوەرەکان فیلمێکی سەرکەوتوو بوو، ترسی ئەوەت نییە فیلمی داهاتووت بەو شێوەیە نەبێت یان گران نییە فیلمێکی لەو ئاستە یان بەرزتر دەربهێنی؟**

- پرسیارێکی جوانە، لێت ناشارمەوە لەو وڵاتانە سەدان ئیمێلمان بۆ هاتووە، ئەو کاتەی ئێمەیان بانگ کرد سەرۆکی بەشی رەخنەگران وتی هاتنە ئەم بەشە زۆر سەختە داوای کرد لەسەر هەمان ئاست بمێنینەوە، تۆ کە دەگەیتە ئەوێ بۆت نییە بێیتە خوارەوە، کە لای ئەو بووین بە حەفت دەرهێنەری وت: تا پێتان دەکرێت تێکەڵی کاری بازرگانی مەبن، هەر بۆ داهێنان و زمانی میللەتەکەتان کار بکەن، ئەو بەشە یەکێك لەئامانجەکانی پێشخستنی زمانی سینەما و داهێنانە. ئێستا پێموایە بەڵێ سەختە و کاری داهاتوومان زۆر قورستر دەبێت لەوەی ئێستا و ئەرکی سەرشانمان زیاتر دەبێت. کەسانێکی زۆریش داوایان کردووە و ئامادەیی خۆیان پیشان داوە بۆ ئەوەی لەکاری داهاتوو لەگەڵ ئێمە بەشدار بن.

***ئاماژەت بە بوونی بەربەست کرد، ئەو بەربەستانە تاچەند کاریگەری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر سینەمای کوردی؟**

- برادەرێکم قسەیەکی جوانی کرد، وتی: کەس ناتوانێت بەر لە هونەر بگرێت، پێشتر ئاستەنگەکان زیاتر بوون ئێستا باشترە، کێشەکە ئەوەیە ئەوەی کە پێویستە یارمەتیت بدات، یارمەتیت نادات و ناچار دەبیت لە ڕێگەی شوێنی دیکەوە کاری خۆت بکەیت؟

***بەربەستەکان کەسین یان گشتین، تەنیا بۆ تۆ هەن یان بۆ هەمووان وەك یەکە؟**

- تەنیا بۆ من نییە، بۆ هەموو سینەماکاران وەك یەکە، هەندێ کەس خۆپەرستن و حەز دەکەن لەهەموو شوێنێك و هەموو کارێك سوودمەند بن.

***کێشەکە لە سیستەمەکەدایە یان لەدانانی کەسی نەشیاو؟**

- لەدانانی کەسی نەشیاو و خۆپەرستە، سیستەمەکە چارەسەر دەکرێت بەدانانی کەسی شیاو و لێهاتوو.

***ئاماژەت بۆ ئەو ئامۆژگارییە کرد کە باسی دوورکەوتنەوە لە هونەری بازرگانی دەکات، کەچی سینەمای هۆلیۆد لە لوتکەدایە و بازرگانییشە؟**

- ئێستا هۆلیۆد گۆڕاوە هۆلیۆدی جاران نییە، مەبەستی خۆیان تێکەڵ کردووە، ئێمەش دەبێت مەبەستەکانی خۆمان بپێکین، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە تێکەڵی کاری سیاسی نەبین و باسی نەکەین، بەڵام میللەتی ئێمە بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت ئەو بارودۆخە روون بکەمەوە کە میللەتی ئێمە تێیدایە و باسی بکەم.


***بەراوردکردنی سینەمای ئێمە لەگەڵ کام سینەما دەکرێت و لەیەکەوە نزیکن؟**

- سینەمای ئێمە زیاتر لەسینەمای رۆژهەڵاتی ئەوروپاوە نزیکە، ئێستا سینەمای ئەوروپا و ئەمریکا لەگۆڕاندان، سینەمای ئەمریکا دەیەوێت وەك هی ئەوروپای لێ بێت و ئەوەی ئەوروپاش هەوڵ دەدات سوود لەتەکنۆلۆژیای ئەمریکا وەربگرێت. خەریکە سینەمای کوردی دەبووژێتەوە و لەکاری خۆمدا گۆڕانکاریم کردووە و تەکنۆلۆژیام زیادکردووە بۆ ئەوەی کاریگەری زیاتر بێت کە زیاتر بەهۆی کۆمپیوتەر و لەناو ستۆدیۆ دەبێت.

***چی نوێت لەبەرنامەدایە؟**

- بەنیازی سیناریۆیەکم خەریکە دەگاتە ئەنجام، ئێستا هیچ پاڵپشتیەکم نییە و بە تەنیام تا ئەو کاتەی سیناریۆیەکە تەواو دەبێت، بەڵام دڵنیام کە وەك جاران بەربەست دێنە ڕێگەمان تا کارەکە تەواو دەبێت.

**سینەمای ئەمریکا دەیەوێت وەک هی ئەوروپای لێ بێت و ئەوەی ئەوروپاش هەوڵ دەدات سوود لەتەکنۆلۆژیای ئەمریکا وەربگرێت**





# پێویستە هونەری نوێ ئەفراندنی تێدا بکرێ

**یەکبوون یەکێکە لە ســەدان کچە گۆرانیبێژانی باکووری کوردستان کە بەشێوەیەك گۆرانی دەڵێ، هەر کەسـێك گوێی لێبێت هەست بە رەســەنایەتی هونەری کوردی دەکات، خەڵکی شـاری مێردینە، بەڵام لەبەر ئەوەی خانەوادەکەی لە ئەستەنبول بووە،**

***هــۆکاری ســەردانی ئــەم دواییەت بۆ کوردستان چی بوو؟**

- لەســەر داوەتنامەی کەنــاڵ 4 بوو بۆ بەشداریکردن لە بەرنامەی ئارامۆ شۆ، دواتر لە رێگەی کاك عادل حەســەن بەڕێوەبەری رۆشنبیری و هونەری دهۆك بەشداریم کرد لە کردنــەوەی پانۆرامای ئازادی، هەروەها کۆنسێرتێکی سەرکەوتووم لە هۆڵی محەمەد عارف جزیری ساز کرد.

*** کەی بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ دەستت بە کاری هونەری کردووە؟**

- لە ساڵی 1990 بەشێوەی ئەماتۆر دەستم بە کاری هونەری کــردووە، دواتر هەنگاو بە هەنگاو بەردەوام بووم تا گەیشـــتمە ئەو ئاستەی ئێستا.

*** ئەم جارە لە کوردســـتان چ جیاوازییەکت بــەدی کرد لەگــەڵ یەکەم ســەردانت بۆ کوردستان؟**

- یەکەمجــار لە ســـاڵی 1993 هاتم بۆ کوردستان، کاتێك لەســەر سنوور بینیم بە گەورەیی نووسراوە بە ئینگلیزی نووسراوە( بەخێر بێن بۆ کوردســـتان) تووشـــی شۆك هاتــم، وەك ئــەوەی بڵێی لــە خەونێکدا بــم، نەمدەزانی شــوێنێك هەیە کە ئاڵای کوردستان تێدا شەکاوەیە و ناوی کوردستان تێیدا بەکاردێت، هەروەها لەلای من ســەیر بــوو خەڵك بە ئازادی بــە زمانی کوردی قسە دەکەن.

*** ئاســتی هونەری کوردی لە باکووری کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

- هەر پارچەیەکی کوردســـتان کاریگەری هونــەری ئەو وڵاتــەی بەســەرەوەیە کە داگیری کــردووە، لـــە ســـوریا و عێراق



هونەری کوردی لەژێر کاریگەری هونەری عەرەبیدایە، لە ئێران هونەری فارسی و لە تورکیاش هونەری تورکی کاریگەری بەسەر هونەر کوردییەوە هەیە، پێویســـتە موزیکی ئەلتەرناتیڤ بەشێوە و ناوەرۆك هەبێت، بەڵام لە تەك هەر شتێکی باش شتی خراپیش هەر دەبێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بە باشی لە جیاوازی نێوان شـــتە بـــاش و خراپەکان بگات و بیانناسێتەوە.

**پێویستە موزیکی ئەلتەرناتیڤ بەشێوە و ناوەرۆک هەبێت، بەڵام لە تەک هەر شتێکی باش شتی خراپیش هەر دەبێت**

*** ســترانی فۆلکلــۆری لای تــۆ چ گرنگییەکی هەیە؟**

-هەندێك کەس دژی گۆرانی فۆلکلۆرین، دەڵێم پێویستە شـــتی نوێ ئەفراندنی تێدا بکرێ، بــەڵام لە هەمان کاتدا پێویســـتە لەســـەر هونەرمەند کە هەندێك گۆرانی لە ون بـــوون رزگار بکات، کاتێکیش هونەری فۆلکلۆری بەکار دەهێنێت، دەبێ شـــتێکی نوێش بکات.

*** تــۆ گۆرانیت بۆ زنجیــرە درامایەکی تورکـــی وتووە، دەکرێ باســـی ئەوەمان بۆ بکەی؟**

- هاوڕێیەکم کە کوردە و کاری ئامادەکردنی موزیك دەکات، داوای لێکردم بۆ ئەمکارە، خۆیشـــم حەزم دەکرد بەم شـــێوەیە دەستمان بـــە کارەکە کـــرد، دواتر لەســـەر هەندێك گۆرانـــی تورکیش کارم کرد، بەداخەوە زۆر موزیکزانی بـــە توانا و زیرەکی کورد هەن،



# و فـۆلكلۆریش لــــه ون بوون بپارێزرێ

***ساڵی ١٩٧٩ لە ئەستەنبول لەدایكبووە، تا ئێستا چەند جارێك سەردانی كوردستانی ئازادی كردووە بۆ ئەنجامدانی كاری هونەری، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بكەین.***

بەڵام مخابن كار لەسەر موزیكی توركی دەكەن، چونكە تا ئێستا بازاڕی موزیكی كوردی بەشێوەیەكی وا گەورە نەبووە كە پشتی پێ ببەستن.

*** تا ئێستا بە زاراوەی سۆرانی گۆرانیت وتووە؟**

- لە ئەلبوومی یەكەممدا بەناوی (نیروانا) گۆرانی ( نەگۆڕاوم)م بە سۆرانی وتووە.

*** چۆن دەتوانین ئامێرە موزیكیە كوردییەكان بپارێزین؟**

-ئێمە ناتوانین بڵێین كورد ئەم ئامێرانەیان دروستكردووە یان پێشیان خستوون، بەڵام ئەوەی راستی بێت هەندێك ئامێر هەن كە لە موزیكی كوردیدا جێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، پێویستە دامودەزگا تایبەتەكان گرنگی بەم ئامێرانە بدەن و پڕۆژەی تایبەت لەم بوارەوە ئامادە بكەن.

*** تۆ چ ئامێرێك دەژەنی؟**

- بە تەنبوور دەستم پێكرد، بەڵام دەتوانم هەندێك گیتار، پیانۆ بژەنم و ریتمیش ئامادە بكەم.

*** گۆرانی تایبەتت بۆ ئافرەتی كورد وتووە؟**

- بەڵێ ئێمە پرۆژیەكمان دەربارەی ئافرەت ئامادە كردبوو، چوار ئافرەت بووین، هەر یەكێكمان هێمایەك بووین بۆ پارچەیەكی كوردستان و گۆرانی هەر چوار پارچەی كوردستانمان وت، بەڵام بەداخەوە ئەم پڕۆژەیە تەنیا بۆ كۆنسێرتەكان بوو.

***لە باكووری كوردستان ئەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم ئافرەت چین؟**

- بەپێی سیاسەت و بارودۆخی ئێستا كورد پێشكەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، ئافرەتیش زیاتر



ئازاد بووە و چوونەتە نێو بواری سیاسەت و خەباتی رۆشنبیری و هونەری، بەڵام مخابن ئێستاش كەم كەم ئاستەنگ هەر ماون.

*** تۆ جارێك وتبووت خەونی من ئەوەیە لەگەڵ سیلین دیۆن گۆرانی بڵێم، بۆچی تەنیا سیلین؟ بۆ خەون بەوەوە نابینی لەگەڵ شاكیرا و مادۆنا گۆران بڵێی؟**

- ئەگەر ئەوان قبوڵ بكەن ئاساییە لەگەڵ شاكیرا و مادۆناش گۆرانی بڵێم.

***خەونەكانی ترت چین لە بواری هونەری؟**

- زۆر حەز دەكەم ئەلبومێكی جاز دروست بكەم، هەروەها لە بواری فیلمیش حەز دەكەم موزیكی فیلم دروست بكەم، هیوادارم بتوانم یارمەتی منداڵان بدەم و ببمە خاوەن ستۆدیۆیەك.

*** دوا پەیڤت چییە بۆ خوێنەران؟**

-هەست دەكەم لە وڵاتی ئێمە ئافرەت ئاواتەكانیان ون دەكەن و دەیانكوژن، هەر كەسێك بە خۆی بڵێ من مرۆڤم، پێویستە ئاگاداری دەوروبەری خۆی بێت و بیگۆڕێت و كارێكی وا بكات كە چۆن پیاو مافی هەیە، بەو شێوەیە ئافرەتیش مافی هەبێت و بتوانن زانست بەدەست بهێنن و تەنیا نەبن بە خزمەتكاری ماڵەكانیان، چونكە ئەو كاتە بەسەرچووە، ئێستا خەڵك وشیارە و ئابووری ئێمە باشتر بووە و كەس ناتوانێت پشتی كورد بشكێنێت.

> هیوادارم بتوانم یارمەتی منداڵان بدەم و ببمە خاوەن ستۆدیۆیەك

## هونەرمەند حاجی مەکی بۆ گوڵان

# لەتەمەنی لاوێتیدا تاقەتی خۆشەویستیم نەبوو

***هونەرمەند مەکی عەبدوڵڵا ئەستێرەی دراماو شانۆی کوردییە و نیو سەد زیاترە خزمەتی بواری هونەری نواندن دەکات و توانیوویەتی لەو بوارەدا خزمەتێکی بەرچاو بکات، جێی داخە ماوەیەکە باری تەندروستیی بەڕێزیان ناجێگیرەو وەك خۆی دەڵێت گرفتی گەورەی ئەو قەڵەوییەکەیەتی. بۆ بەسەر کردنەوە و لە ئەحواڵ پرسینی، گۆڤاری گوڵان لە سلێمانی ئەم دیدارەی لەگەڵ بەڕێزیان ساز کرد.***



***ئێستا بەرنامەو کاری هونەری بەڕێزتان چییە؟**

- لەبەر ئەوەی باری تەندروستیم باش نییە و ناتوانم سەرقاڵی کارە هونەرییەکانم بم، دەنا سیناریۆی کارێکی هونەریم ئامادە کردووە کە باس لە کێشەو گرفتەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگە دەکات بۆ ئەوەی پێشکەشی جەماوەرەکەمی بکەم، تا هێزم تیا بێت هەوڵدەدەم خزمەتی هونەر و میللەتەکەم بکەم.

*** هۆکاری بەشداری نەکردنت لەکارە دراماییەکانی ئەمڕۆدا چییە؟**

- ئەوانەی ئەمڕۆ کار دەکەن حەز دەکەن زیاتر خۆیان دەربخەن، وا دەزانن تۆ بەشداری بکەیت لە بەشی ئەوان دەخۆیت، لە کاتێکدا دنیای هونەر باخێکی زۆر گەورەیە هەموو کەسێك دەتوانی گوڵی خۆی تێدا بچێنێت.

*** ئەی تۆ لە توانای ئەو گەنجانەی ئەمڕۆ کار دەکەن چۆن دەڕوانی؟**

- پێموایە کەسانێکی بەتوانایان تیایەو بە پێچەوانەشەوە گەشبینم بە داهاتووی ئەو گەنجانە ئینشاالله هەنگاوی زیاتر دەنێن بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

*** تۆ چۆن لە ئاستی درامای کوردی دەڕوانیت؟**

- کەموکوڕی زۆری تیایە، بەڵام پێموایە داهاتوویەکی باشی دەبێت و هەنگاوی جددی پێوە دیارە.

*** هەنگاونان بۆ بوون بە خاوەنی سینەمای خۆمان بە کوێ گەیشتووە؟**

- وەڵڵا من یەکەم کەس بووم کارم بۆ سینەمای کوردی کردووە بە فیلمی نێرگز بووکی کوردستانە، ئێستا ئێمە خاوەنی سینەما نین، بەڵام لە داهاتوودا دەبینە خاوەنی سینەمای کوردی.

*** حاجی مەکی لە تەمەنی لاوێتیدا خۆشەویستی کردووە؟**

- نەوەڵڵا تاقەتی ئەوشتانەم نەبووە، ژیانی گەنجێتی ئێمە ژیانێکی قورس بوو، ئەو زەمەنە ژیان وەکو ئێستا نەبوو .

***چی حاجی مەکی بێتاقەت دەکات؟**

- ئەوەی من بێزار دەکات بێوەعدیی و ناڕاستگۆییە. ئەو کاتە خۆشحاڵم کەوا خەڵکی هەموو یەکترییان خۆش بوێت.

*** ئەی قەڵەوییەکەت بێزارت ناکات؟**

- قەڵەوییەکەم موشکیلەی بۆ من ناوەتەوە و کێشەی سەرەکی من قەڵەوییە، ئەوە هۆکارە کەوا باری تەندروستیم لەبار نییە.

*** هەوڵت نەداوە هەندێك لە کێشی خۆت دابەزێنیت؟**

- وەڵڵا هەر خەریکم بەخوا نەشتەرگەریشم کردووە، بەڵام چی بکەم چارەسەری نییە و ئینشاالله باش دەبم.

*** لەکۆتاییدا چیت هەیە بیڵێیت؟**

- چاوی هەمووتان ماچ دەکەم.

دیمانە:
سۆران مارف کەریم

# مادۆنا نەشتەرگەری دەستی دەكات بۆ شاردنەوەی پیری

ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی مادۆنا لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ شاردنەوەی شوێنەواری تەمەن و پیری بە هەموو شێوەیەك، بۆیە دوای ئەوەی چەندین نەشتەرگەری ئەنجامدا بۆ لابردنی چرچ و لۆچەکانی دەموچاوی، ئێستا زۆر گرنگی دەدات بۆ ئەوەی دەستەکانی شوێنەواری پیرییان پێوە دیار نەبێت.



بەپێی هەواڵەکان مادۆنای تەمەن 51 ساڵ بە نیازی ئەنجامدانی چەند نەشتەرگەرییەکی تایبەتە بە دەستەکانی بۆ ئەوەی جوانتر دەرکەون و نیشانەکانی پیرییان پێوە نەمێنێت، هەروەها بەپێی سەرچاوە نزیکەکان لە مادۆنا: مادۆنا تا ئێستا بە هاوکاری فرێردریك برانت کە پزیشکێکی پسپۆری جوانکارییە توانیویەتی گۆڕانکاری زۆر لە دەموچاوی خۆی بکات، کەچی دەستەکانی هەمیشە تەمەنە راستەقینەکەی بەدەر دەخەن، بەڵام فرێدرێك شلەیەکی تایبەتی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی مادۆنا بۆ دەستەکانی لەشێوەی دەرزی بەکاری بهێنێت تاکو وەك (داپیرە) دەرنەکەوێت.

## رۆتانا و یاهو رێککەوتننامەیەک مۆر دەکەن

کۆمپانیای یاهو رایگەیاند کە گەیشتۆتە رێککەوتنێك لەگەڵ کۆمپانیای هونەری رۆتانا ئەویش لە رێگەی پەخشکردنی گۆرانی، کلیپ، فیلمی سینەمایی، ئاهەنگی هونەرمەندان و رادیۆی رۆتانا لە رێگەی تۆڕێکی ڤیدیۆیی تایبەت بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتە عەرەبییەکان.

ئەم رێککەوتنە لە بەرژەوەندی هەردوو کۆمپانیادایە، لەهەمان کاتیشدا بەشداربووانی ئینتەرنێت دەتوانن بەشێوەیەکی باشتر بەرهەمەکانی رۆتانا ببینن.

## بیۆنسی لە مردن رزگاری بوو



کاتێك گۆرانیبێژی ئەمریکی بیۆنسی نویلس لەگەڵ جای زی هاوسەری بە نیازی سەردانی مارکێتە بەناوبانگەکەی هارۆدز بوون، کە لە ئۆتۆمبێلەکەی هاتە خوارەوە ئۆتۆمبێلێکی دیکەی تەکسی خۆی بە دەرگەی ئۆتۆمبێلەکەی بیۆنسیدا کێشا و جگە لە زیانە ماددییەکان بیۆنسیش بریندار بوو، بەڵام بەگوێرەی رووداوەکە بیۆنسی لە مردنێکی مسۆگەر رزگاری بووە.

بەپێی هەواڵێکی رۆژنامەی (زە سەن) دیمەنەکە زۆر ترسناك بوو، ئەگەر خوای گەورە نەبوایە، ئەوا بیۆنسی ئێستا لە ژیان نەمابوو و دەبوو بە بەشێك لە رابردوو، بەڵام رۆژنامەکە زانیاری زیاتری دەربارەی رووداوەکە و ناسنامەی شوفێری تەکسیەکە بڵاونەکردەوە.


بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی

بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504494920 uneri@gulan-media.com